# ئازادی بۆ ئاکۆ موحەممەد و هاوڕێیانی

**ئەمجەد شاکەلی**

کە مرۆڤ باس لە ئازادی و دیموکراتی بکات، دەبێ ئازادی ڕادەربڕین و بیروبۆچوون لە پێشی پێشەوەی لیستەی ئازادییەکانەوە بێت. کە مرۆڤ نەیتوانی قسەی خۆی بکات و ئەوەی لە دڵیدایە هەڵیرێژێت، ئیدی چ ئازادییەک لە گۆڕێدا نییە. کە مرۆڤ لە سەر بیروڕا و دیتنی دەمکوت کرا و درایە ناو دەمیدا، ئیدی ئەوە تاساندن لەگۆڕنانی ئازادییە. دەسەڵاتدارانی کوردستان، یەکجار زۆر بانگاشەی ئازادی دەکەن و زۆر خۆیان بە بوونی بڵاوکراوەی زۆر و کۆڕ و ئەوانەوە هەڵدەکێشن، بەڵام دەنگی جیاواز قەبووڵ ناکەن. دەنگێک، کە کێماسی و ناتەواوییەکانیان دەرخات و پێشاندات، کپ دەکەن و دەتاسێنن. ئەوان تەنێ دەنگی پەسندان و پێداهەڵگوتنیان پێ باشە و قەبووڵە. ئەگەر یەک شت کرۆکی هەموو پێشکەوتن و گەشەکردنێکی وڵات و گەل و مرۆڤ بێت، ئەوە تەنێ ئازادیی بیروبۆچوون و ڕادەربڕینە. کلۆمکردنی زاری خەڵک و ڕێگەنەدانیان بەوەی قسەی خۆیان بکەن و لێپێچینەوە و لێپرسینەوەیان بە هۆی بیروراوە و گرتنیان و زینداینکردنیان، نیشانەی نادیموکراتیەتی و ناشارستانیەتی و دیکتاتۆرییە. دەسەڵاتێک ئەگەر بڕوای بە ئازادی هەبێت، ڕێگە بە هەموو دەنگێک دەدات و هیچ جۆرە بۆچوونێک لەمەڕ هەرشتێکەوە بێت قەدەغە ناکات و ڕێی لێ ناگرێت.

حەفتەنامەی میدیا، یەکێکە لە بڵاوکراوە هەرەباش و سەرکەوتووەکانی باشووری کوردستان. باشی و ڕێکوپێکی و سەرکوتوویی میدیاش دەگەڕێتەوە بۆ سەرنووسەرەکەی، کە کاک (ئاکۆ موحەممەد گەردی)یە. ئاکۆ موحەممەد، ڕۆژنامەوانێکی چالاک و بزێو و وردکار و شارەزا و ڕاستگۆ و دڵسۆز و کوردپەروەر و کوردستانییە.

گرتنی ئاکۆ موحەممەد لە لایەن پۆلیسی هەولێرەوە و ئەورۆ، یا هەر ڕۆژنامەوانێکی دیکە و هەر کاتێکی دیکە، لە سەر بیروڕا، نیشانەی ترسە لە ئازادی و کارێکە یەکجار خراپ و نابەجێ و دیاردەیەکی ترسناکە و گوشارخستنەسەر و هاندانی ڕۆژنامەوانانی ئازادیخوازە بۆ بەجێهێشتنی کوردستان و شاردنەوە و داپۆشینی تەواوی هەڵە و گەندەڵییەکانی دەسەڵات.

هەرچی زووترە، گەرەکە ئاکۆ موحەممەد و هاوڕێیانی ئازادکرێن و داوای لێبوردنیشیان لێ بکرێن.

2005/8/9